پێوەرەکانی ئاوارەبوون

# ئەنجامی قۆناغی هەشتەم

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: کانوونی یەکەمی - ئەیلول ٢٠٢٣

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

## ژینگە

بە کۆتاییهاتنی شەڕ و ململانێکان لەگەڵ داعش دا، ئاوارەبوونی درێژخایەن بووە تایبەتمەندی ڕەوش و ژینگەی قۆناغی دوای شەڕ و ململانێیەکان لە عێراق دا. نزیکەی ١,١٤ ملیۆن هاوڵاتی هەر لەئاوارەیی ماونەتەوە، نزیکەی هەموشیان پێنج ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا ماڵ و حاڵی خۆیان لە ناوچەکانی زێدیان جێهێشتووە. شتێکی زۆر پێویست و بنەڕەتییە کە ئاستی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ئاوارەبوون باشتر بکرێت لە عێراق دا، ئەمەش لەڕێگەی باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەران کە وادەکات ئاوارە ناوخۆییەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە هەنگاو بەرەو گەڕانەوە، یەکخستنی خۆجێی یان نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیکەی تازە بنێن. پێرستی ئاوارەبوون (DI) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو ئاوارانە دروستکراوە. داتای کۆکراوەی گەڕی هەشتەم لەماوەی نێوان ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ بوو، لەسەرانسەری ١٨ پارێزگا، ١٠٣ قەزا و ٢,٥٨١ شوێن لە عێراق دا. لەماوەی ئەم گەڕەدا ٣٣ شوێنی کەمتری دیکەی ئاوارەبوون هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا لەبەرئەوەی کە یان ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان گەڕابوونەوە یان چووبوونە شوێنانێکی دیکەی ئاوارەبوون.

## ڕێباز

ئەم پێرستی ئاوارەبوونە لەسەر بنەمای ٢٠ دیارخەر لەم پێنج بوارەدا دانراوە: ١. کاروکاسبی، ٢. نیشتەجێبوون، ٣. ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان، ٤. سەلامەتی و ئەمنیەت و، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. شیکارکردنی هۆکار بەکارهاتووە بۆ تێڕوانین لە پەیوەندی نێوان ئەم پێنج بوار و دەرخەرانە تا هەم ڕاددەی پەیوەستی دەرخەرەکان بۆ هەریەکێک لە بوارەکان نیشاندەدات، هەمیش گرنگی هەر یەک لەو پێنج بوارە لە کۆی تێکڕای پێرستەکە دەخاتەڕوو. خاڵەکانی هەریەک لەو بوارانە و تێکڕای پێرستەکە بۆ سێ گروپ پۆلێنکراوە: نزم/کەم، مامناوەند، زۆر/بەرز بۆ سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێبازی ڕاپۆرتەکە، تکایە بڕوانە کۆتا لاپەڕە.

شێوەی ١: ڕێژەی گەڕاوان بەپێی جۆری سەختی و دژواری

| زۆر سەخت و دژوار | سەخت و دژواری مامناوەند | سەخت و دژواری کەم |
|---|---|---|
| ٪٦ | ٪٢٧ | ٪٦٧ |
| ٥١,٢٥٠ ئاوارە | ٢٥٥,٤٨٦ ئاوارە | ٦٤٠,٣٤٤ ئاوارە |
| ١٢٦ شوێن | ٤٩٨ شوێن | ١,٩٧٧ شوێن |

**٩٥٢,٠٨٠ گەڕاوە**

| خێزان | پارێزگا | قەزا | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١٥٨,٦٨٠ | ١٨ | ١٠٣ | ٢,٥٨١ |

کۆکردنەوەی داتا: ئەیلول -کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

شێوەی ٢: دیارخەر و بوارەکانی پێرستی ئاوارەبوون

**پێرستی ئاوارەبوون**

**گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی**
- نایەکسانی لە دەستگەیشتن بە خستنەسەرکار
- نایەکسانی لە دەستگەیشتن بە بەکرێگرتنی خانوو
- نایەکسانی لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان
- نایەکسانی لە نوێنەرایەتیکردنی سیاسی
- سنووردارکردنەکان کاردەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانە

**کاروکاسبی**
- ئەو خێزانانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی داهتیان نییە، ئەوانەی کە پشت بە هاوکارییەکان دەبەستن
- ئەو خێزانانەی کە بڕی پێویست پارەی خواردن و خۆراکیان نییە
- ئەو ئاوارانەی کە کارەکانیان لە دەستداوە

**نیشتەجێبوون**
- ئەو خێزانانەی کە لە شوێنە دابڕاوەکان یان پەراوێزخراوەکان دا دەژین
- ئەو خێزانانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆرخراپ دا دەژین
- ئەو خێزانانەی کە لە شوێنە ناسەلامەتەکان دا دەژین
- ئەو خێزانانەی کە چوونەتە شوێنێکی نیشتەجێبوونی هەرزانتر

**کاروکاسبی**
- دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی
- بڕی پێویستی ئاو
- بڕی پێویستی کارەبا
- دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان
- هەبوونی قوتابخانەی سەرەتایی

**سەلامەتی و ئەمنیەت**
- ترس و نیگەرانی لە نێو خێزانە ئاوارەکان لە هێرشی تۆڵە لێکردنەوە
- ترس و نیگەرانی لە نێو خێزانە ئاوارەکان لە هێرشی داعش
- ترس و نیگەرانی لە نێو خێزانەکان لە توندوتیژی هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکان، یان لە توندوتیژی هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکان بەرانبەر یەکتری
- هەبوونی هێزە ئەمنییەکانی دیکە (وەکو هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی حەشدی عەشایەری، جگە لەهێزەکانی سوپای عێراق و پۆلیسی خۆجێی و پۆلیسی فیدراڵی
- ترس و نیگەرانی لە نێو خێزانە ئاوارەکان لە کەرەستە و تەقەمەنی

## تێکڕای سەختی و دژواری

- لەو ٢,٥٨١ شوێنەی کە لە گەڕی هەشتەم دا هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا، لە ١٠٦ شوێن دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەخت و دژوار بوو. ئەو شوێنانەش لە ٦٪ی ئاوارەکانیان لە خۆگرتبوو، کە ( ٥٦,٢٥٠ کەس بوون. ٤٩٨ شوێنی دیکەش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە مامناوەند پۆلێنکران کە لە٢٧٪ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٢٥٥,٤٨٦) و ١,٩٧٧ شوێنیش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە نزم پۆلێنکران کە لە ٦٧٪ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٦٤٠,٣٤٤ کەس).
- لەوەتەی گەڕی پێشووەوە، گەڕی ٧، لە ئایاری - ئابی ٢٠٢٣، ڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان ڕووی لە کەمیکردووە کرد بە (٧,٩٦٢ کەس) ئەمەش لە کاتێکدا کە لە سەدای ٧ی ئاوارەکان لە دۆخی ژیان و گوزەرانی سەختدا بوون (٦٤,٢١٢ کەس).
- پارێزگاکانی سەڵاحەددین و ئەنبار زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانەیان لەخۆگرتبوو کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەختە کە بۆ هەر یەکەیان ،١٥,٦٢٤ و ١٥,٤٦٢ کەس بوو بەدوایەکدا.

شێوەی ٣: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێ سەختی و دژواری بۆ هەر گەڕێک




نەخشەی ١: شوێنی ئاوارەکان بەپێ جۆر و ئاستی سەختی و دژواری



- لەماوەی ئەم گەڕەدا کە گەڕی هەشتەمە (ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣) ٧,٩٦٢ لەو ئاوارانەی کە لە دۆخی سەخت و دژواری ژیان و گوزەران دان کەمبوونەوە. ئەمەش بەهۆی بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنی لەم دوو پارێزگایەدا، شوێنەکانی پارێزگای سەڵاحەددین کە ٤,٨٦٦ کەس و پارێزگای ئەنبار بە ٩٠٦ کەس چیتر وەک شوێنێ سەخت و دژواری ژیان و گوزەران پۆلێن نەکران.
- ئەوەی جێگای سەرنجە، قەزا لاوەکییەکانی وەک مەرکەزی تارمییە لە بەغدا، حبیب لە دیالە و زەلوعیە لە سەڵاحەددین گۆڕانکارییەکی تەواویان بەخۆوە بینیووە لە پۆلێنکردنی سەختی و دژوارییەوە لە ڕووی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە بۆ ئاستێک کە چیتر بەو شێوەیە پۆلێن ناکرێن. باشتربوونی دۆخی ئابوری هێزی بە چەندان خێزانی ئاوارە داوە نەک هەر تەنیا بژێوی خۆیان دەستەبەر بکەن بەڵکو هاوکارییەکانیان بە کڕینی خۆراک بۆ کەسانی دیکەش پەل بکێشێت. ئەم گۆڕانکارییە ئەرێنییە ئاماژەیە بۆ بوژانەوەی بەرچاوی سەقامگیری دارایی لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا. سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ دابینکردنی کارەبای نیشتمانی بۆ ناوچانە زیاتر جێی متمانە بووە. هەروەها ئەم ماوەیەی کە ئەم ڕاپۆرتەی تێدا ئامادەکراوە ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە توانای کڕینی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان هەیە زیادی کردووە.
- کەمبوونەوەی ژمارەی ئەوانەی کە لە بارودۆخێکی سەختی ژیان دان لە پێنج قەزای پارێزگای سەڵاحەددین دا تۆمارکرا. لە نێوییشیان دا قەزای تکریت و بە تایبەتیتر ناوەندی تکریت بەرزترین ئاستی دابەزینی تۆمارکردووە بە بەراورد بە خولی پێشوو (٢,٣٥٨ ئاوارەبوون ). دەکرێت باشتربوونی بارودۆخی ناوخۆیی بگەڕێنرێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی: باشتربوونی دابینکردنی ئاو، بەهۆی زیادبوونی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بۆ پرۆژەکانی ئاو، هەروەها باشتربوونی دابینکردنی کارەبا. ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێشچوون ، ڕەوشی تایبەت بە بژێوی ژیان، نیشتەجێبوون، سەلامەتی و بابەتەکانی دیکە وەک خۆی لە خولی پێشوودا ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی یارمەتییەکان، ئاستەنگە ئابورییەکان لەبەردەم زۆرێک لە خێزانەکان بەردەوامن، وەک لەو دۆخەی لە گەڕەکی ئاواجیالا دا هەیە. لەم گەڕەکەدا هەندێک لە خێزانەکان دەڵێن کە توانای دانی کرێی شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە و پشتیان بە یارمەتییەکان بەستووە، بۆیە ڕوو لەبژاردەی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی زێدیان دەکەن. ئەم جۆرە بژاردەی گەڕانەوە جەخت لەسەر ئەو تەنگژە داراییە بەردەوامانە دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی ئەم خێزانانە دەبنەوە، تەنانەت لەگەڵ بوونی هاوکارییەکانیشدا. هەروەها، لەم گەڕەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانەکانی ئاوارەکان تکریتیان بەجێهێشت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش دەستپێکردنی سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن بوو، ئەمەش وایکرد خێزانەکان بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی خوێندنی منداڵەکانیان.
- لەپاڵ ئەوەشدا، هاندەرێکی دیکە بۆ ڕۆشتن و جێهێشتنی شوێنی ئاوارەبوونیان بریتیبوو لە دەرفەتی نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان. ئەم خواستە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان و بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکانیان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە بڕیاری جێهێشتنی تکریت و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێدیان بینی.
- پارێزگای ئەنبار، بە تایبەتی ناوەندی ناحیەی ڕومادی لە قەزای ڕومادی، کەمبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکانی بەخۆیەوە بینیوە (٦٤٢ ئاوارە). ئەم دابەزینە ڕەنگدانەوەی کاریگەری ئەرێنی پڕۆگرامی جوڵە و گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی کارئاسانی بۆ کراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ە، کە یارمەتیدەرە لە ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی زێدیان. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە بەدیکرا کە جگە لە هاوکارییەکانی بەرنامەکە، هەندێک لە ئاوارەکان نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان لە ناوچەکانی زێدیان تەواوکردبوو، کەئەمەش ڕۆڵێکی زیاتر دەبینێت لە زیادبوونی گەڕانەوەکان.

خشتەی١: ژمارەی ئاوارەکان و شوێنەکان لە هەر پارێزگایەک بەپێی جۆر و ئاستی سەختی دژواری دۆخی ژیان و گوزەران

| | بەرز | | مامناوەند | | نزم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان |
| ئەنبار | ١٥,٦٢٤ | ٢٦ | ٩,٧٣٨ | ٣٠ | ٨,٥٢٦ | ٦٣ | ٣٣,٨٨٨ | ١١٩ |
| بابل | | | ٤٩٢ | ٢ | ١٥,٧٠٨ | ٨١ | ١٦,٢٠٠ | ٨٣ |
| بەغدا | ٧,٧٣٤ | ٦ | ٤,٢٩٠ | ٢٨ | ١٤,٥٦٢ | ٣٧٧ | ٢٦,٥٨٦ | ٤١١ |
| بەسرە | ٦٠ | ٣ | ٤٠٨ | ٢٥ | ٤,٠٧٤ | ١٤٤ | ٤,٥٤٢ | ١٧٢ |
| دهۆک | | | ٢٠,٨٠٨ | ٢ | ١١١,١٣٨ | ١٥٥ | ١٣١,٩٤٦ | ١٥٧ |
| دیالە | ٥,٢٣٨ | ٨ | ١٤,٥٤٤ | ٦٠ | ٢٣,٧٧٢ | ١١٥ | ٤٣,٥٥٤ | ١٨٣ |
| هەولێر | ٨٤ | ١ | ٣٠,٠٧٨ | ١٦ | ١٨٢,٩٢٨ | ١٣٨ | ٢١٣,٠٩٠ | ١٥٥ |
| کەربەلا | | | ٤,٩٣٨ | ١٣ | ٥,١٦٦ | ٦٣ | ١٠,١٠٤ | ٧٦ |
| کەرکووک | ٣٤٨ | ٢ | ٤٢,١٩٢ | ١٧ | ٥٠,١٠٠ | ٦١ | ٩٢,٦٤٠ | ٨٠ |
| میسان | | | | | ١,٢٥٤ | ٦٢ | ١,٢٥٤ | ٦٢ |
| موسەننا | ٤٨ | ٣ | ٣٠ | ٤ | ٥٨٨ | ٣٧ | ٦٦٦ | ٤٤ |
| نەجەف | ٤٢٠ | ١ | ٦,٥٨٨ | ٣٩ | | | ٧,٠٠٨ | ٤٠ |
| نەینەوا | ١١,٢٣٢ | ٢١ | ٦٤,٥٤٨ | ٨٧ | ١١٩,٨٥٦ | ١٧٤ | ١٩٥,٦٣٦ | ٢٨٢ |
| قادسیە | | | ١,٧٤٦ | ٣٣ | ٥٨٨ | ١٤ | ٢,٣٣٤ | ٤٧ |
| سەڵاحەددین | ١٥,٤٦٢ | ٣٥ | ٢٦,٨٢٠ | ٥٢ | ٣,٦٦٦ | ٢١ | ٤٥,٩٤٨ | ١٠٨ |
| سلێمانی | | | ٢٨,٠٩٨ | ٨٩ | ٩٢,٣٢٨ | ٣٣٥ | ١٢٠,٤٢٦ | ٤٢٤ |
| زیقار | | | | | ٢,٠٥٨ | ٦٦ | ٢,٠٥٨ | ٦٦ |
| واست | | | ١٦٨ | ١ | ٤,٠٣٢ | ٧١ | ٤,٢٠٠ | ٧٢ |
| **کۆی گشتی** | **٥٦,٢٥٠** | **١٠٦** | **٢٥٥,٤٨٦** | **٤٩٨** | **٦٤٠,٣٤٤** | **١,٩٧٧** | **٩٥٢,٠٨٠** | **٢,٥٨١** |

شێوەی ٤: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێی جۆر و ئاستی سەختی و دژواری گوزەرانیان لە هەر پارێزگایەکی ئاوارە بوون دا بەگوێرەی گەڕەکان.



## شوێنە گەرمەکان

ناحیەکان/شارەدێیەکان بە شوێنی گەرم پۆلێندەکرێن ئەگەر کۆی تێکرای خاڵەکانی ئاستی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران بەرز بێ و بەلایەنی کەمەوە ١,٠٠٠ کەس تیایدا نیشتەجێ بێ. هەر لەگەڕی ٥ وە تا ئەم گەڕەش، لیستی شوێنە گەرمەکان ئەو ناحیانە دەگرێتەوە کە تێکڕای دۆخی سەختی دۆخی ژیان و گوزەران لە ئاستی مامناوەند دایە و بەلایەنی کەمەوە لە بوراێکیش لە ئاستی بەرز دایە.

لەسەرانسەری پێنج پارێزگادا، ١٢ شوێنی گەرم دەستنیشانکران و سێ سەرەکیترین شوێنیش لەسەر بنەمای هەبوونی بەرزترین ژمارەی ئاوارە بوو کە بریتین لە مەرکەزی شنگال لە پارێزگای نەینەوا، مەرکەزی سامەڕا لە پارێزگای سەڵاحەددین و قەزای عامریە لە پارێزگای ئەنبار. لەم گەڕەدا، مەرکەزی قەزای ئەبوغرێب لە پارێزگای بەغدا لە لیستی شوێنەگەرمەکان لابردرا.

خشتەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری لە گەڕی ٤ دا.

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاوارەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | فەللوجە | عامریە | ٢٠ | ١٤,٦٧٦ |
| | | مەرکەزی فەللوجە | ٦ | ١,٧٤٦ |
| بەغدا | مەحمودیە | لە تیفییە | ١٠ | ٦,٧٩٨ |
| نەجەف | کوفە | مەرکەزی کوفە | ١٢ | ١,٤٤٦ |
| | نەجەف | ئەل حەیدەرییە | ٧ | ٢,٠٥٢ |
| | | مەرکەزی نەجەف | ١٧ | ٢,٦٣٤ |
| نەینەوا | بەعاج | ناوەندی بەعاج | ٩ | ٧,٢٩٦ |
| | موسڵ | قەیارە | ١٤ | ٣,٢٨٢ |
| | شنگال | ناوەندی شنگال | ١٦ | ١٩,٨٨٤ |
| سەڵاحەددین | سامەڕا | مەرکەزی سامەڕا (تازەیە) | ٢٥ | ١٥,٦٦٠ |
| | تکریت | عەلەم (تازەیە) | ٨ | ١,٣٦٨ |
| | | مەرکەزی تکریت (تازەیە) | ٢٣ | ٨,٤٣٠ |

**مەرکەزی شنگال** ١٩,٨٨٤ هاوڵاتی لێ نیشتەجێیە و دابەشبوونەتە سەر ١٦ شوێن. گرنگترین بواریش ئەمنیەت و سەلامەتییە کە لە هەموو شوێنەکان نیگەرانی ئاواران لەمبارەیەوە لە ئاستێکی بەرز دابوو، ئەمەش لەبەر توندوتیژیانەی کە بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکانەوە. سەرەڕای ئەمەش، هاوڵاتیان نیگەرانییەکی زۆریان لە مەترسی تۆڵە لێکردنەوە، هێرشی داعش، هەبوونی هێزە ئەمنییەکانی (وەک حەشدی شەعبی و گروپی و هێزو لایەنی ئەمنی بەدەر لە سوپای عێراق و پۆلیسی خۆجێی و پۆلیسی فیدراڵی).

**مەرکەزی قەزای سامەڕا** ١٥,٦٦٠ ئاوارەیی هەیە کە بەسەر ٢٥ شوێنی ناوەندی ناحیەکەدا دابەشبوونە. گرینگترین بواری لەو شوێنانەی بواری بژێوی ژیانە بەو پێیەی زۆرێک لە ئاوارەکان کارەکانیان لەدەستداوە و بە پلەی یەکەم پشت بە یارمەتییەکان دەبەستن و هاوکاری بۆ پێداویستیە سەرەتاییەکانیان. سەرەڕای ئەوەش، باسی ئەوەشکرا کە ژیانکردن لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ وادەکات ڕووبەڕووی کەمی جموجۆڵ ببنەوە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەیە.

**عامریە** ١٤,٦٧٦ هاوڵاتی لێ نیشتەجێیە و دابەشبوونەتە سەر ٢٠ شوێن. گرینگترین بواریش کاروکاسبی بوو، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکان سەرچاوەی پێویستیان بۆ خواردن نییە، پشت بە یارمەتی و هاوکارییەکان دەبەستن. دوای ئەوەش، بوارەکانی ئاو و کارەبا و چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییە یاساییەکان بوون. سەرەڕای ئەوە، خێزانە ئاوارەبووەکان لە ناوەندی ناحییەکە دا هیچ سەرچاوەیەکیان نییە یان سەرچاوەیەکی سنووردارایان هەیە لە دەستبەرکردنی خۆراک، زۆربەیان پشت بە یارمەتییەکان/هاوکارییەکان

دەبەستن بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانیان و لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا لە ناوچە جیاکراوە و دوورە دەست و دابڕاوەکان دا دەژین. جێی ئاماژەیە، دابەزینی ئاستی ئاو لە ڕووباری فورات ئاستی سوێری ئاوەکە زیاد دەکات و ئەمەش کاریگەری لەسەر کارکردنی وێستگەکانی ئاو هەیە، کە زۆرجار ئەم وێستگانە بەهۆی هەبوونی پێویستی چاککردنەوە تیایادا لە کارکردن دەوەستن.

لەم گەڕەدا تەنیا ١٢ شوێنی گەرم تۆمارکراون بە بەراورد بە ١٣ شوێنەی کە لە ڕاپۆرتی گەڕی پێشوو دا تۆمارکرابوون، بەهۆی لابردنی ناوەندی ئەبوغرێب لە پارێزگاری بەغدا لە لیستی شوێنە گەرمەکان. یەکەم: لەبەر زیادبوونی ژمارەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای حکومی بوو لەو شوێنە، کە ژیانی ڕۆژانەی بە شێوەیەکی بەرچاو دۆخی ژیان و گوزەران و تواناکانی کارکردنی کار و بزنسە خۆجێییەکان و خزمەتگوزارییە لە ناوەندی ئەو قەزایەدا بەرزکردۆتەوە و باشترکردووە. سەرەڕای ئەوەش، دۆخی ئابوری هەندێک لە خێزانە ئاوارەکان لەناوەندی قەزکەدا هەندێک نیشانەی باشتربوونیان و بەرەوپێشچوونیانی تێدا دەرکەوتووە. ئەم گۆڕانکارییە ئەرێنییە وایکردووە ئەم خێزانانە بتوانن پێداویستییە سەرەکییەکان بکڕن ، بەمەش پشتبەستنیان بە یارمەتی دەرەکی کەمە دەبێتەوە. هەروەها، قەزاکە باشتربوونی ئاستی دەستڕاگەیشتن بە کاروکاسبی بژێوی ژیانی بۆ دانیشتووانەکەی بەخۆیەوە بینیووە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخساندنی دەرفەت و هەی کاری زیاتر. ئەم زیادبوونەی ئاستی خستنە سەرکار نەک هەر تەنیا ئابوری خۆجێی قەزاکەی باشترکردووە بەڵکو ڕۆڵیشی هەبووە لە دابینکردن و دروستبوونی هەستی سەقامگیری و ئاسایبوونەوەی ژیان لەنێو کۆمەڵگەدا، بەم هۆیەشەوە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی و باش لە تێکڕای کواڵێتی ژیان لەو قەزایە دروستبووە.

نەخشەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری




ژمارەی ئاوارەکان لە شوێنە گەرمەکان

١,٣٦٨ - ١,٤٦١

١,٤٦٢ - ٨,٤٣٠

٨,٤٣١ - ١٩,٨٨٤

ئەستۆپاکی: ئەم نەخشەیە تەنیا بۆ مەبەستی نیشاندانە. نا و سنوورەکانی سەر ئەم نەخشەیە مانای بەفەرمی پەسندکردن نییە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)ەوە.

## ڕێباز

پێرستی ئاوارەبوون ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان دروستکراوە. کۆکردنەوەی داتا بۆ پێرستی ئاوارەبوون لە هەر ١٨ پارێزگا، نزیکەی ١٠٣ قەزا و ١,٥٨١ شوێنی ئاوارەبوونە لە عێراق دا. یەکەی شیکارکردن شوێنە کە دەکرێت ئەو شوێنە شارۆچکەیەک، گوندێک یان گەڕەکێکی شار بێت. کۆکردنەوەی داتاش لەڕێگەی تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)یە کە لە زیاتر لە ٦٣ کارمەند پێکهاتووە لەسەرانسەری عێراق دا (لە٢٠٪ یشیان ئافرەتن). تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لەڕێگەی ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان داتایەکان کۆدەکەنەوە، ئەم زانیاریدەرە سەرکیانەش بریتین لە تۆڕێکی دامەزراو و گەورەی زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی کە زیاتر لە (٢٪ ئافرەتن)، لە نێویشیان دا نوێنەر و سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختارەکان، دەسەڵاتدارانی خۆجێی و هێزە ئەمنییەکان هەن.

داتای پێرستی ئاوارەبوون لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەکانی هەر شوێنێک کۆدەکرێتەوە. ئەم ڕێبازەش سوودەکەی ئەوەیە کە وادەکات لەماوەی کاتێکی کەم دا ڕووماڵێکی بەرفراوان بکەی، ئەمەش تەنیا لەڕێگەی پشتبەستن بە چەند کەسێکی کەم بیروبۆچوونەکانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە دەگەیێنن، لەوانەیە ئەمەش نوێنەرایەتیکردنێکی سنووردار بێ بۆ ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە تایبەمەندی خۆیان هەیە. ناباوی و شازییەکانی ناو داتایەکانیش بەهۆی بەهەڵە لێکدانەوەیە بۆ پرسیارەکانی زانیاریدەری سەرەکی، یان ناتەوای و ناسازییەکانیش بەهۆی بێ لایەن نەبوونە بۆ ڕوانین لە دۆخەکە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە بواری گرتنەخۆی کۆمەڵایەتییەوە.

پێرستی ئاوارەبوون (DI) لەسەر بنەمای ٢٢ دیار خەرو پێنج بوارە: ١. کاروکاسبی، ٢. خانوو و نیشتەجێبوون، ٣. خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان، ٤. سەلامەت و ئەمنیەت، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. دەرخەرەکانیش لەسەر بنەمای پشکدارە هاوبەشەکان، شیکارییە ئامارییە وەسفی و ڕوونکەرەوەییەکانی هەڵبژێردران لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵەی داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، لەنێویشیان دا هەڵسەنگاندنەکانی شوێنی یەکخراو، لیستە سەرەکییەکان و گەڕە سەرەتا و تاقیکارییەکانی کۆکردنەوەی داتا. شیکاری پشت بەهۆکار بەستووی دووپاتکراوە بەکارهێنراوە بۆ سەرنجدانی پەیوەندی نێوان ئەو دیارخەرانە لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ بوارەکان، بۆ وردبوونەوە لە پەیوەستبوونی هەریەکێک لەو دەرخەرانە بە بوارێکی دیاریکراوە و بە گرنگی هەر یەکێک لە بوارەکان لە تێکڕای کۆی پێرستەکە. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، ١. کاروکاسبی و ٢. نیشتەجێبوون کاریگەرترین دوو بوارن لەسەر تێکڕای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەو دوو بوارەشی کە دووەم کاریگەرترینن برتینی لە ٣. خزمەتگوزارییەکان و ٤. ئەمنیەت، دوای ئەوانیش ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی.

لە دوای گەڕی یەکەمی پێرستی گەڕانەوە، کە داتاکەی لەنێوان ئادار بۆ نیسانی ٢٠٢١ کۆکرابووەوە، چەند گۆڕانکارییەک لە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە کراوە بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی کوالێتی تێکڕای پێرستەکە. بۆیە، دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتی گەڕی یەکەم هاوتای ڕاپۆرتەکانی گەڕەکانی دواتر نین و بەوان بەراورد ناکرێت.

لە گەڕی پێنجەمەوە دەستپێدەکات (لە تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەم-ی ٢٠٢٢)، چەند گونجاندنێک لە گرینگی و بەهادانان بۆ بوارەکان و دیارخەرەکان کراوە لەسەر ئاستی ناحیەدا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی سەختی و دژواری شوێنەکە و بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە تیایدا نیشتەجێن. سەرەڕای ئەمە، لیستی شوێنە گەرمەکان ئەو ناحیانەش دەگرێتەوە کە تێکڕای ئاستی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان مامناوەندە و بەلایەنی کەمەوە سەختی دۆخی ژیان گوزەرانیان لە یەکێک لە بوارەکان لە ئاستێکی بەرزە.

بۆ زانیاری زیاتر لە تێکرای ڕێبازەکە، دیارخەرەکان، مۆدێلە ئامارییەکە و هەژمارکردنی خاڵەکان، تکایە بڕوانە (خستنەڕووێکی گشتی ڕێباز) لەسەر وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونDTM .

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq


### ئەســـــــــــتۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom.int

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی کۆچ، پەنابەران و دانیشتووانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (PRM) دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی.

© ڕێکخـــــــــراوی نێودەوڵـــــــــــــەتی کـــــــــــۆچ (IOM) ٢٠٢٣

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.